# شلێر ئەمین قوربانی شەڕی ناخۆیە!

شەڕی ناوخۆ تەواو بوو بەڵام شلێر دوای یەک دەهە لە زیندانەکانی حکومەتی هەرێم هێشتا ژیانێکی پڕ لە تەحقیر و ئازارو بێحورمەتی پێکردن بەسەردەبات.

**یارمەتیمان بدەن با شلێر ڕزگار بکەین و بیگەیەنینە وڵاتێکی تر.**

شلێر ئەمین لە شاری سلێمانی لە ساڵی 1983 لە دایک بوە لە خانەوادەیەکی هە ژار وە لە ساڵی 1997 کاتێک کە شلێر تەمەنی تەنها 14 ساڵ بوولە لایەن کەسانێکی باڵای یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە دەینێرن بۆ هەلێر بۆ ئەوەی خۆی بتەقێنێتەوە بە دوکتۆر ڕۆژ نوری شاوەیس.

ئەمە لە کاتێکدا رویداوە کە شەڕی ناوخۆی بەینی یەکێتی و پارتی لە کوردستان هەزاران گەنجی ئە و وڵاتەی کردە سوتەمەنی خۆی وە شلێریش وەکو قوربانی یەک بۆ ئە شەرە پڕ لە شەرمەزاریە بەکارهێنراوە.

دەسەڵاتداران لە جیاتی دەستەبەرکردنی ریفاە و پاراستنی منالآن و گەنجانی کۆمەڵگا ئەبینین کە هەوڵیان داوە وەکو قومبەلە کچێکی 14 ساڵان بەکارئەهێنن.

ئێستاش شلێر تەمەنی 24 ساڵە و ژیانێکی پڕ لە سوکایەتی و دەردەسەری لە سێنتەری "چاک سازی ژنان و گەنجانی" هەولێر بەسەردەبات وەکو زیندانی یەک.

شلێر کاتێک کە دەستگیر دەکرێت بۆ ماوەی 5 ساڵ لە زیندانی ئاسایشی پارتی ڕای دەگرن و لە بەرواری 2002/11/8 دەیدەن بە پۆلیسی هەولێر و لەوێش بۆ ماوەی ساڵێکی تر زیندانی ئەبێت تا دادگایی دەکەن لە بەرواری 2003/12/13 بۆ ماوەی شەش ساڵی تر.

کچێکی تەمەن 14 ساڵە کە قوربانی جەنگێکی نەویستی ناوخۆیی بوە ئەم هەموو بێ کەرامەتی یەی پێ دەکرێت بە بێ ئەوەی سەرانی" ئاشتەوەبوی" ئەم دەوڵەتە لە دوای جەنگی ناوخۆبیرێک بکەنەوەوکە لایەنی کەم ئە و کەسانەی کە خۆیان کردونیان بە قوربانی بۆ سیاسەتە نامرۆڤایەتیەکانی خۆیان ئازاد بکەن.

ئەمە نمونەی ئەو وڵاتەیە کە هەموو بێ حورمەتی یەک بە ئینسان تیایدا ئەوەڵ لە لایەن دەسەڵاتداران خۆیانەوە دەکرێت وە یاسا هیچ سەروەریەکی نی یە.

**بۆیە ئێمە داوا ئەکەین کە:**

**– شلێر بە زوترین کات ئازاد بکرێت**

**– هەوڵی زۆر پەیگیرانە بدرێت بۆ بردنە دەرەوەی لە کوردستان.**

**– حەیسی یەتی شلێر دەبێت بگێڕنەوە: دەوڵەت و، یەسا نیوە ناچڵەکانیان و ئەحزابی ناو دەسەڵات پێویستە داوای لێبوردنی ڕەسمی بکەن لە شلێر وە ڕاستی یەکانی ئە و کەیسە بەشێوەی ئاشکرا بە کۆمەڵگا رابگەینەنن.**

**– خەسارەت بدرێ بە شلێر**

**– دوای ئازادکرندی شلێر دەوڵەت ئەمنیەت و ئاسایشی بۆ دابین بکات تا ئەو کاتەی لە وڵات دەردەچێت.**


**هۆزان مەحمود:** بەریتانیا houzan73@yahoo.co.uk

**بەهار مونزیر:** نەرویج baharmunzir@yahoo.com

**ڕێگا ڕەئوف:** سوید rega_rauf@yahoo.com

**ڕێکخراوی ئازادی ژن– نوێنەرایەتی دەرەوەی وڵات**


**تێبینی: هەوال و بەدواداچونی ئەم کەیسە ئەتوانن لە سایتی (میدیا) بەدەست بهێنن:** http://www.yndk.com

20/10/2007